ژمارە (١٤٧) ساڵی سیانزەیەم
یەکشەممە، ٢٠٠٩/١٢/٦
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

# ئایندە

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات

### ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەجیهاندا

لە(٣٠٪)ی ژنانی ئەمریکا ڕووبەڕووی توندوتیژی لاشەی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دەبنەوە. هەروەها لە (٩٥٪)ی قوربانیانی توندوتیژی لە فەرەنسادا ژنەو ساڵانە (١/٦) ملیار دۆلار بۆ لابردنی کاریگەریی خراپی توندوتیژی بەرامبەر ژنان لەکەنەدا خەرجدەکرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا لە(٤٢٪)ی لەژنانی پاکستان، توندوتیژی قەبوڵدەکەن بەبێ ڕزگاربوون لێی. هەروەها (٧٠٪) لەڕووداوەکانی کوشتنی ژنان لەسەر دەستی هاوسەرەکانیانەو (٣٦) هەزار ژنی ڕووسی ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دەبنەوە.
هەروەها لە(٤٧٪) لە ژنانی میسر ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوەو کەسی لێ ئاگادارناکەنەوەو لە(١٨٪) لەژنانی ئوسترالیا لەساڵێکدا ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوەو (٢٠٪ -٦٠٪)ی ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە لەناو خێزاندا یان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە.
- (١) ملیۆن‌و (٨٠٠) هەزار ژن ساڵانە توندوتیژیان لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەرامبەر دەکرێت.
- (٦٪)ی قوربانیانی توندوتیژی لەکەنەداو (٥٠٪)لەفەرەنسا دایە.

## لە وۆرک شۆپی ڕاسپاردەو بیروڕا لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پرسی ژندا

# بەکۆی دەنگ ژنانی ئامادەبوو بۆچوونو پێشنیارەکەی حکومەتیان ڕەتکردەوە



**ئایندە: سلێمانی** ..........................

پاش ڕاگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و کەمکردنەوەی وەزارەتەکان لە (٤٢) وەزارەتەوە بۆ (١٩) وەزارەت‌و بوونی تەنها یەک وەزیری ژن تیایداو لابردنی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان، دەنگۆیەکی ناخۆیی‌و دەرەکی لێکەوتەوەو حکومەتی نوێش کەوتە ژێر پرسیاری جەماوەری ژنانەوە.

بۆ ئەو مەبەستە ڕەشنووسی بەرنامەی دروستبوونی (ئەنجومەنی باڵا) بۆ ژنان خرایە بەرباس. بۆ تاوتوێکردنی ڕەشنووسی پڕۆژەکەش تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان‌و نوێنەری ژنانی ناو حیزبەکان چەند کۆبونەوەی یەک لەدوای یەکیان بۆ ڕێکخست‌و لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەش کۆبوونەوەیەکی گشتی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ژنان‌و چالاکوانی بواری ژنان لە هۆڵی تەواری سلێمانی بەڕێوەچوو، هەر لەو کۆبوونەوەیدا بڕیاردرا وۆرک شۆپێکی یەک ڕۆژی لە ڕێکخراوی (CDO) بۆ ئەو مەبەستە ڕێک بخرێت.

لە بەرواری ٢٠٠٩/١١/٢٢ بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) وۆرکشۆپی ڕاسپاردەو بیروڕا لەسەر پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پرسی ژنان لە هەرێمی کوردستان سازکرا.

تیایدا گفتوگۆیەکی چڕوپڕ سەبارەت بە میکانیزم‌و چۆنێتی دروستبوونی ئەو ئەنجومەنە کرا، سەرەتای وۆرک شۆپەکەو پاش تاوتوێکردنی خاڵی هەستیاری ڕەشنووسی پڕۆژەکە بەکۆی دەنگ ژنانی ئامادەبووی وۆرک شۆپەکە بۆچوون‌و پێشنیارەکەی حکومەتیان ڕەتکردەوەو بڕیاردرا پڕۆژەیەکی تر ڕێکبخرێت، بۆ ئەو مەبەستەش بە شێوازی گروپین ئامادەبووان دابەشبوون بەسەر پێنج گروپداو لەئەنجامی گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کۆدەنگ لەسەر سەربەخۆیی ئەنجومەنەکە دراکەو ئەوەش وترا گەر پێشنیارەکانیش ڕەتکرانەوە کۆبوونەوەی بەپەلەی بۆ بکرێت تا بڕیارێک لەو بارەیەوە بدرێت. وابڕیار بوو بۆ ئەو مەبەستە لەشارەکانی هەولێرو دهۆکو گەرمیان وۆرک شۆپ سازبکرێت.

## قوربانیانی بۆسنەو هەرسک تائێستاش چاوەڕوانی دادگان!

ژنێکی بۆسنی: "ئەم نەتەوەیە هەموو شتێک لەبیر دەکەن، لەبیریان چوو کە ئێمە بووینە قوربانی، بەڵام ئێمە هەرگیز ئەوامان لەیاد ناچێت".

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەڕاپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لە بۆسنەو هەرسک دەسەوسانن لەدەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ هەزاران ژن‌و کچ کە لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٥ لەجەنگی بۆسنەو هەرسکدا دەستدرێژی کراوەتە سەریان.

بەهەزاران لەڕزگاربوانی ئەم جەنگە خوێناویە کەسوکاریان لەدەستداوە زۆرێکیان ناتوانن بەدوای کارێکدا بگەڕێن یان ناتوانن لەسەر کارەکانیان بمێننەوە لەبەر خراپی باری دەرونیان، هەتا ئێستاش زۆرێک لەوانە بەبێ سەرچاوەی بژێوی‌و لەژێر چەپۆکی هەژاریدان، بەجۆرێک کەناتوانن چارەسەری خۆیان بکەن.

ژووری تاوانی جەنگ کە سەر بەدادگای وڵاتی بۆسنەو هەرسکەو لەساڵی ٢٠٠٥ بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە ناکرێت دادگای نێودەوڵەتی تایبەت سەیری بکات دامەزراوە، هەتا ئێستا تەنها ١٢پیاوی بەتاوانی توندوتیژی سێکسی دادگایی کردووە.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم خەمساردیە، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوادەکات لەپەرلەمانی بۆسنەو هەرسک بۆ درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵات پێدانی بۆ قازی‌و یاساناس‌و فەرمانبەرانی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتی دان‌و سوودوەرگرتن لەتواناو لێهاتنەکانیان‌و ڕزگاربوونیان لەم گرفتە.

## خولی ڕاهێنانی "پارێزگاری یاسای بۆ ڕۆژنامەنووسان" دەکرێتەوە



**ئایندە: سلێمانی** ..........................

بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (iwpr) لە ڕۆژانی (٢٣-٢٠٠٩/١١/٢٦) خولی ڕاهێنانی "پارێزگاری یاسای بۆ ڕۆژنامەنووسان" لەبارەگای ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (cdo) لەسلێمانی بۆ هەندێک ڕۆژنامەنووسانی شارەکانی (دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، پێنجوێن، سۆران) کرایەوە.

لەخولەکەدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایەند، ڕۆژانی یەکەم‌و دووەم، مامۆستا (سامان فەوزی) سەرۆکی بەشی زانستە رامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، چەند بابەتێکی تایبەت بە (ئازادی ڕۆژنامەگەریی، نوسینی بابەتی ڕەخنەی دوور لە ناوزڕاندن، ئەرکی ڕۆژنامەنووس لە پێشێلنەکردنی ژیانی تایبەتیدا، سنوورەکانی سیستمی گشتی، لپێرسراوێتیە یاساییەکان لەکاری ڕۆژنامەوانی تەلەفیزیۆنیدا، خوێندنەوەی بڕگەو یاساکانی ڕۆژنامەگەری کوردستان، سنووره یاساییەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەو کاریکاتێر، مافی دانە)ی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوو باسکرد. لەڕۆژی سێهەمدا، بەئامادەبوونی (بەرزان عەبدوڵڵا) لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی، چەند ڕێنمایی‌و پێشنیارێک سەبارەت بەئەرکی ئاسایش‌و ڕۆژنامەنووسان ئاراستەکردو لەلایەن ئامادەبووانیشەوە چەندین پرسیارو پێشنیار ئاڕاستەی بەڕێزیان کراو وەڵامدرایەوە. لەکۆتای خولەکەدا، (ئەنوەر حسێن) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، باسی لەسەرەتای دروستبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کردو کێشەو گرفتەکانی ڕۆژنامەنووسان‌و سەندیکا لەگەڵ بەڕێزیان تاوتوێکرا. بەپێدانی بڕوانامەی بەشداربوون کۆتایی بەخولەکە هات.

## ئەمساڵ هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەساردی تێپەڕی!

**ئایندە: فائیدە قادر - هەولێر**..........................

١١/٢٥ی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتان هەفتەیەک دیاریدەکەن بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی پار وابڕیاربوو ساڵانە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان پێکەوە ئەم یادە بکەنەوە، بەڵام ئەمساڵ بەنەمانی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری ژنان، هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەساردی بەڕێکرا.




خاتوو کەژاڵ هادی بەرپرسی لقی هەولێری یەکگرتووی خوشکان، لەمبارەیەوە ڕایگەیاند "ساڵی ڕابردوو کە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەستپێکرد، وەزیری کاروباری ژنان هاوکاری ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتانی شاری هەولێر بوو... چەند کۆبوونەوەو گفتوگۆیەک لە هەفتەکەدا کراو وابڕیاریش بوو هەموو ساڵێک پێکەوە لەوهەفتەیەدا چەندین چالاکی ئەنجامبدەین، بەڵام ئەمساڵ هیچ یەکێک لەو ڕێکخراوانە بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیان پێوە نەکردین، ئێمە لای خۆمانەوە گفتوگۆمان لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا کرد، بەڵام لەوەڵامدا ڕێکخراوەکان دەیانوت هیچ باس‌و خواسێک لەوبارەیەوە نییە."

بەرپرسی لقی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان لە (٢٥)ی نۆڤەمبەردا چەندین چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە.

## کچان لەژێر فشاردا واز لە کاری ڕۆژنامەنووسی دێنن



**ئایندە: مقداد دەڕەمەری/ خورماڵ** ..........................

هەرچەندە هەورامان بەمەڵبەندی ڕۆشنبیری دەناسرێت، بەتایبەت شارۆچکەی خورماڵ، بەڵام ماوەیەکە کچانی ئەو شارۆچکەیە واز لەکاری ڕۆژنامەنووسی دەهێنن!! ئەویش بەهۆی بەسووک سەیرکردنیان لەلایەن دەوروبەرەوە، کچانیش ئەم حاڵەتە دەگەڕێننەوە بۆکەمی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی ناوچەکە، هاوکات هیچ دەستەیەک بۆ پاراستنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بوونی نییە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست پەیامنێری ڕۆژنامەی ئایندە کەوتووە، لە دوو مانگی رابردوودا پێنچ کچ وازیان لەکاری ڕاگەیاندن هێناوەو حزب‌و کۆمەڵگە بەتاوانبار دەزانن‌و ڕەخنەیش لە ڕێکخراوەکان دەگرن کە نەیانتوانیەوە وەک پێویست ئەو کێشانە چارەسەر بکەن.

درێژە .... ل٢